

**تۆ نەتتوانی لەسەر شاجلی خەونەکانم دابنیشی**

سابات

تۆ لەمانای ژن بوونم نەگەشتی

لە ئاوێنەی پاکی روحی منت نەروانی

نەت توانی نهێنی دەریای چاوکانم بزانی

درک بە میهرەبانیم بکەیت ....

نەت توانی دەسمالی چاورونیم

لە دەستەکانت توندتر و توندر گرێ بدەی

نەتوانی لەسەر شاچلی دڵـــم دانیشیت و

گۆرانی بۆ غەریبمان بلێ .....

تۆ باڵــندیکی سەرە رۆ بوویت هیلانەی

دڵـــداریمانت سوتاند گرت لە خەرمانەی

ئەوینمان بەردا .....

تۆ رۆشتی ئەی نا میهرەبان

بەلام نەتوانی پێ بەنهێنیەکانی ژن بوونی من بەبەیت

نە توانی بە بێت بە کەمانچ ژەنێک

هەر رۆژەوە ئاوازێک لە سەر جەستەی شکەتم بەژەنیت

نەتوانی پەنجەکانت وا را بێنت

تەنها لە نێو تاڵــە قژەکانی من سەما بکەن ....

تۆ نەتوانی ئەی نا میهرەبان

نە توانی پێ بە نهێنەکانی ژن بوونی من بەبەیت

بۆیە بە سەر لێ شێوای ئەم هەوارت جێهێشت و

دەستی سور بوی بە خۆێنی دڵـــم

بە ئاگری نامیهرەبانیت سوتاند .............

تۆ رۆشتی بەلام چاک بزانە نەتوانی پێ بە نهێنەیەکانی ژن بوونی من

بەبەیت ....

نەتوانی دێر دێر کتێبی چاوکانم بخوێنیتەوە

نەتوانی جیاوازی نێوان ژن بوونی من و ( مێ ) بوونی ئەوان بکەی

ئەی نا میهرەبان

تۆ وات زانی منیش چیرۆکێکی ئاسایم

هەر چۆنت بوێ ئەم خوێنیتەوە و لە کوێ تاقەت نەما

ئیتر فەراموشی بکەیت ....

نەت زانی ئەی نا مهیرەبان

ژن بوونی من سەر لێ شێوار دەکات بە پەنجەکانی

چاڵــی بەد بەختیت هەڵــدەکەنی

ئەی نـــامیهرە بان نەت توانی پێ بە نهێنی

ژ ن ب وو ن ن ی م ن ب ە ب ە یـــــــــــ ت .....

ن

ت

ت

و

ا

ن

ی

هەولێر